# ئەم قورئانە لەسەر حەوت شێوە دابەزیووە، بۆیە بەو شێوەیە بیخوێنن کە ئاسانە لەسەرتان

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە هیشامی کوڕی حەکیم بوو سورەتی -الفرقان-ی دەخوێند کاتێک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە ژیاندا مابوو، منیش گوێم لە خوێندنەوەکەی گرت، بە شێوازی جیاوازی تر دەیخوێندنەوە لەکاتێکدا پێغەمبەری -صلی الله علیه وسلم- ئەو شێوازی خوێندنەوانەی فێری من نەکردووە، خەریک بوو؛ هێرش بکەمە سەری لە ناو نوێژدا، چاوەڕێم کرد هەتاوەکو سەلامی دایەوە، پاشان بە جلەکەی یان جلەکەم گرتم (لە ملیەوە بۆئەوەی نەڕوات)، ووتم: کێ فێری کردیت ئەم سورەتە بخوێنیتەوە؟ ووتی: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فێری کردووم، ووتم: درۆت کرد، والله پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ئەم سورەتەی فێری من کرد کە گوێم لێبوو تۆ خوێندتەوە، بۆیە چووم وبردم بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، من گوێم لە ئەمە بوو کە سورەتی -الفرقان-ی دەخوێند؛ تۆ ئەو خوێندنەوەت فێری من نەکردووە، لەکاتێکدا تۆ منت فێری خوێندنەوەی سورەتی -الفرقان- کردووە، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەی عومەر؛ وازی لێبهێنە، ئەی هیشام؛ بخوێنە»، ئەو خوێندنەوە بوو کە من گوێم لێبوو خوێندیەوە -لە کاتی نوێژدا-، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «بەم شێوەیە دابەزی»، پاشان پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «بخوێنە ئەی عومەر»، منیش خوێندم، فەرمووی: «بەم شێوەیە دابەزی»، پاشان -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەم قورئانە لەسەر حەوت شێوە* دابەزیووە، بۆیە بەو شێوەیە بیخوێنن کە ئاسانە لەسەرتان». *(حەوت شێوە: یان حەوت شێوەزار -خوێندنەوە- یان حەوت حوکم؛ ومەبەست بۆ ئاسانکارییە چونکە شێوەزاری ناوچەکان جیاواز بوو بۆیە لەسەر هەندێک شوێن قورس بوو خوێندنەوەی هەندێک پیت وجوڵەی سەر وشەکان؛ مەبەست ئەوە نییە هەموو وشە وڕستەکانی قورئان لەسەر حەوت شێوە دەخوێندرێنەوە بەڵکو خوێندنەوەی هەندێک وشەی کەم دەگرێتەوە کە ئەحکامەکانی تەجوید لە خوێندنەوەی دەگۆڕێت یان چەند وشەیەکی زۆر کەم بە شێوەیەکی تر دەخوێندرێتەوە کە مانایەکی نزیک دەدات؛ ووتراوە: مەبەست لەڕاستیدا ژمارەکە نییە بەڵکو مەبەست ئاسانکارییە لە خوێندنەوەدا بۆئەوەی مرۆڤ زۆر لە خۆی نەکات وزۆر قووڵ نەبێتەوە لە ئەحکامەکانی تەجوید)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە گوێی لە هیشامی کوڕی حەکیم بووە -ڕەزای خوایان لێبێت- سورەتی -الفرقان-ی دەخوێند کاتێک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە ژیاندا مابوو، بە خوێندنەوەیەک جیاواز لەوەی ئیمامی عومەر دەیخوێندەوە لە چەند وشە وجوڵەی سەر وشەکان وحوکمی تەجویددا، وعومەر ئەم سورەتەی خوێندبوو لە لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، ئیمامی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- پێی وابوو ئەمە هەڵەیە لە هیشامەوە، خەریک وبوو هێرش بکاتە سەری لە ناو نوێژدا، بەڵام ئارامی گرت وچاوەڕێی کرد هەتاوەکو سەلامی دایەوە، پاشان بە جلەکەی گرتی لە ملیەوە بۆئەوەی نەڕوات، ووتی: کێ فێری کردیت ئەم سورەتە بخوێنیتەوە؟ هیشام ووتی: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فێری کردووم، عومەر ووتی: درۆت کرد، والله پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ئەم سورەتەی فێری من کرد بە خوێندنەوەیەکی جیاواز لەوە تۆ خوێندتەوە، پاشان عومەر بردی بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، وئیمامی عومەر زۆر توند بوو لە فەرمانەکانی خوای گەورە، عومەر ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، من گوێم لە ئەمە بوو کە سورەتی -الفرقان-ی دەخوێند بە چەند دەستەواژە وشێوەیەکی جیاواز؛ تۆ ئەو خوێندنەوەت فێری من نەکردووە، لەکاتێکدا تۆ منت فێری خوێندنەوەی سورەتی -الفرقان- کردووە، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمانیکرد

کە وازی لێبهێنێت، پاشان فەرمانی بە هیشام کرد کە سورەتی -الفرقان- بخوێنێت، کاتێک خوێندیەوە؛ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (بەم شێوەیە دابەزی): واتا خوای گەورە بەم شێوەیە ئەم سورەتەی دابەزاند هەروەکو چۆن هیشام خوێندیەوە، وهەڵە نییە چونکە گومانی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ئەوە بوو کە ئەم خوێندنەوە هەڵەی تێدایە، پاشان فەرمانی بە عومەر کرد کە سورەتی -الفرقان- بخوێنێت، کاتێک خوێندیەوە؛ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (بەم شێوەیە دابەزی): واتا خوای گەورە بەم شێوەیە ئەم سورەتەی دابەزاند هەروەکو چۆن عومەر خوێندیەوە، وهەروەها بەو شێوەیەش دابەزیووە کە هیشام خوێندیەوە، پاشان پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (ئەم قورئانە لەسەر حەوت شێوە* دابەزیووە، بۆیە بەو شێوەیە بیخوێنن کە ئاسانە لەسەرتان)، عومەر وهیشام هەردوویان خوێندنەوەکەیان ڕاستە؛ چونکە قورئان لەسەر زیاتر لە حەوت شێوە -خوێندنەوە:حرف- دابەزیووە، وهیچ زیادەیەک نییە بۆ سەر ئایەکان وڕستەکان لە نێوان هەردوو خوێندنەوەکەدا، بەڵکو هەندێک جیاوازی کەم هەیە لە وشە وپیتەکاندا، بۆیە لە پاش ئەوەی گوێی لە خوێندنەوەی هەردوویان بوو، فەرمووی: (بەم شێوەیە دابەزی)؛ ئەوەی ئەمە ڕووندەکاتەوە کە لە پاشاندا فەرمووی: (ئەم قورئانە لەسەر حەوت شێوە* دابەزیووە، بۆیە بەو شێوەیە بیخوێنن کە ئاسانە لەسەرتان): واتا خۆتان پەیوەست مەکەن بە یەک شێوە ولەسەر خۆتان قورسی مەکەن، چونکە خوای گەورە فراوانی کردووە لەسەرتان، وئاسانی کردووە بۆتان کە قورئان لەسەر حەوت شێوە -خوێندنەوە:قراءة- بخوێننەوە، ئەمیش ڕەحمەت وفەزڵی خوای گەورەیە بەرامبەر بەندەکانی، الحمد لله، وزانایان ناکۆکن سەبارەت بە دیاریکردنی مانای ئەم حەوت شێوەیە -سبعة أحرف-ە، -خودا زاناترە وادیارە مەبەست- ئەوەیە شێوەی زمانی عەرەبە، قورئان لە سەرەتادا بەم شێوەیە دابەزی بۆ ئاسانکاری؛ چونکە عەرەب جیاواز بوون وهەر کۆمەڵێک وزمانی خۆی هەبوو، ئەوەی لای ئەم هۆزە هەیە لای ئەوی تر نییە، وکاتێک ئیسلام یەکڕیزی کردن وپەیوەندییان بەهێز بوو، بەهۆی ئیسلامەوە ڕق وناکۆکی وململانێ نەما، هەموویان زمانی ئەوانی تریان زانی، بۆیە ئیمامی عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- کۆیانی کردەوە لەسەر یەک شێوە -حرف- لەو حەوت شێوەیە ئەویش ئەو شێوەیە کە ئەمڕۆ مسوڵمانان دەیخوێننەوە لەسەر حەوت خوێندنەوە -قراءات- کە هەندێک جیاوازی زۆر کەمیان تێدایە لە ڕوانگەی ئەحکامی تەجوید وجوڵەی سەر وشەکان و چەند وشەیەکی کەم، وئیمامی عوسمان موسحەفەکانی تری سووتاند چونکە شتی تری لەسەر نووسرا بوو وەکو تەفسیر وشتی تر ئەمیش بۆئەوەی ناکۆکی لە نێوان مسوڵماناندا ڕوو نەدات. *(حەوت شێوە: یان حەوت شێوەزار -خوێندنەوە- یان حەوت حوکم؛ ومەبەست بۆ ئاسانکارییە چونکە شێوەزاری ناوچەکان جیاواز بوو بۆیە لەسەر هەندێک شوێن قورس بوو خوێندنەوەی هەندێک پیت وجوڵەی سەر وشەکان؛ مەبەست ئەوە نییە هەموو وشە وڕستەکانی قورئان لەسەر حەوت شێوە دەخوێندرێنەوە بەڵکو خوێندنەوەی هەندێک وشەی کەم دەگرێتەوە کە ئەحکامەکانی تەجوید لە خوێندنەوەی دەگۆڕێت یان چەند وشەیەکی زۆر کەم بە شێوەیەکی تر دەخوێندرێتەوە کە مانایەکی نزیک دەدات؛ ووتراوە: مەبەست لەڕاستیدا ژمارەکە نییە بەڵکو مەبەست (ئاسانکارییە لە خوێندنەوەدا بۆئەوەی مرۆڤ زۆر لە خۆی نەکات وزۆر قووڵ نەبێتەوە لە ئەحکامەکانی تەجوید

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10834

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee